# ئیسلام ئایینی میانڕەوییە

م/ باسم محمد مزوری

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:**

﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا﴾ [البقرة: ١٤٣] .

خوێنەرانی بەڕێز :.

ئەم ئایەتە پیرۆزە زۆر بە ڕوونی ڕێبازی ئوممەتی ئیسلامی نەخشە كێشاوە ...ئەو سیفەتە جیاكەرەوەیەی دەستنیشان كردووە كەڕەنگدانەوەی حەقیقەتی ئیسلامی تێدا دەردەكەوێت و حەق وایە زۆر بەجوانی لە ژیانی موسڵمانانداندا وەك خۆری ڕووناك بدرەوشێتەوە، ئەو سیفەتە بنەڕەتی‌یە جیاكەرەوەیەش بریتی‌یە لە میانڕەوی لە هەموو ڕوویەكەوە: میانڕەوی لە بۆچوون و باوەڕ (التصور والإعتقاد).

ئایینی جوولەكەی بەرەو مادیگەری و دونیا پەرستی برد، لەهەمان كاتدا نەسرانی-یەت ملی نایەرە و گۆشەگیری و چەمانەوە بەسەر گیان و دەروون دا.. بەلاَم ئیسلام هاوسەنگی‌یە لەنێوان مادده و گیاندا... بە ڕوونی دان بەوەدا دەنێت كە مرۆڤ لە گیان و جەستە پێك هاتووە گیان داخۆازی و پەروشی خۆی هەیە ... جەستەش خۆراكی تایبەتی جیاوازی پێویستە، ئیسلام بەچاكی پێداویستی‌یەكانی هەردوو لایەنەكەی لەهاوكێشەیەكی هاوسەنگ و تەریبدا دابین كردووە، هەوڵ دەدات ژیان خاوێن و بڵند بێتەوە بەبێ لادان و ڕێ لێ تێكچوون...

**میانڕەوی لە پەرستنەکاندا:—**

ئێمە هەواڵی ئەو سێ هاوڕێ یەی پێغەمبەرمان ﷺ لا ئاشکرایە کە ڕۆیشتن بۆ لای خاتوو عائیشە (رضي الله عنها) بۆ ئەوەی لە چۆنێتی و چەندێتی عیبادەتەکانی پێغەمبەر ﷺ ئاگادارین .. کاتێك هەواڵیان زانی ... وەك بەکەمی بزانن وتیان ئێمە لەکوێ وئەو لەکوێ؟

یەکێکیان ووتی: من بەدرێژایی ڕۆژەکانی ساڵ بەردەوام بە ڕۆژوو دەبم، دووەمیان ووتی: من شەوانە ناخەوم و شەونوێژ وعیبادەت دەکەم، سێیەمیشیان ووتی: من دەست لە خۆشی ژیانی دونیا هەڵ دەگرم و ژن ناخوازم، کاتێك ئەم هەواڵە گەیشتە پێغەمبەرﷺ ڕۆیشتە مزگەوت بەڕوونی ئەم بۆچونە هەڵەیەی ڕەت کردەوەو فەرمووی: من لە هەموو کەسێ زیاتر خواناسم و لە خوا دەترسم لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕۆژوو دەبم و شەوانە دەخەوم وشەونوێژیش دەکەم، ئینجا هاوسەریشم هەیە، لێرەدا بە جوانی میانڕەوی خۆی ڕاگەیاند وفەرمووی:

(فمن رغبَ عن سنتي فليسَ مني)[1] .

واتە: هەر کەس لە ڕەوشتم لابدات لەئێمە نی یە .

**میانڕەوی لە بواری بیرکردنەوەدا:**

ئیسلام داخراو نی یە و دەرگاکانی تاقیکاری لەمرۆڤ داناخات، لە هەمان کاتیشدا بەدوای هەموو دەنگێکشیدا ڕاناکات و کوێرانە لاسایی ناکاتەوە، بەڵکو لە تەوەرەی نەگۆڕی خۆیدا لەناو سنووری بازنەیەکی فراواندا ئاڵوگۆڕ دەکات، بەڕێزەوە دەڕوانێت بۆ هەموو بەرهەمێکی فیکرو تاقیکاری سوود بەخش، دروشمی هەمیشەیی ئەوەیە کە حیکمەت و ڕاستی ونبووی خاوەن باوەڕە، لە هەرکات و لەهەرشوێنێك دۆزی یەوە بەدڵنیایی یەوە وەری دەگرێت.

**میانڕەوەی لە ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی دا!**

---

(١) متفق عليه، البخاري: (٥٠٦٣، ٩/١٠٤)، ومسلم: (١٤٠١/ ١٠٢٠/ ٢).

ئیسلام کاروباری ژیان ناداتە دەستی ویژدان و هەست و سۆزی مرۆڤ بەتەنها، لەهەمان کاتشیدا نایخاتە بەر نەشتەری یاساو لێپرسینەوە، بەڵکو دڵ و دەروون و ڕەوشتی مرۆڤەکان پەروەردە دەکات و ژیانی کۆمەڵگەش بەپێی یاسا و لێ پرسینەوە ڕێك دەخات...

**میانڕەوی لەدیاری کردنی چۆنێتی پەیوەندی تاك بە کۆمەڵەوە:**

یاسای ئیسلام کەسایەتی تاك لەناو کۆمەڵ و دەوڵەتدا ناتوێنێتەوە و وردی ناکات، لەو لاشەوە سەربەست و بەرەڵای ناکات کە بەئارەزووی خۆی لەپێناوی بەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیدا هەموو سنورێك بشکێنێت و مافەکانی کۆمەڵ پێشێل بکات، بەڵکو تاك دەکاتە خزمەتگوزاری کۆمەڵ و کۆمەڵیش پێداویستی‌یەکانی تاك ئامادە دەکات... ئیسلام دوورە لە توندڕەوی و زیادەڕەوی بەهەردوولای ڕاستەڕێ دا ... چونکە توند ڕەوی دژی فیترەتی مرۆڤەو پێچەوانەی یاساکانی خوایە لە (بوون)، بۆیە ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرﷺ هەمیشە لەمەترسی زیادەڕەوی ئاگادارمان دەکەنەوە، ئەوەتا شەریعەتی خوا لەسەر بنچینەی ئاسانکردن و رەحمەت و چاو پۆشی کردن و لابردنی هۆکانی قورسایەتی (حرج) بنیات نراوە.. بۆ نموونە خوای دانا و زانا لەبارەی ڕۆژوو گرتنەوە دەفەرمووێت:

﴿يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ﴾ [البقرة: ١٨٥].

واتە: خوای گەورە ئاسانکاری بۆ ئێوە دەوێت ونایەوێت شتتان لەسەر قورس بکات.

وە دەفەرموێت: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ﴾ [الحج: ٧٨] .

واتە: خوای گەورە لە دیندا هیچ قورسی وبارگرانی‌یەکی لەسەر دانەناون.

یان فێرمان دەکات کە لە دووعاکانماندا بڵێین: ﴿رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِنْ نَسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِ﴾ [البقرة: ٢٨٦] .

واتە: ئەی پەروەردگارمان لێمان مەگرە ئەگەر شتێکمان بەهەڵە کرد یاخود بەنەزانی (کاتێك کە هاوەڵان ﷺ ئەم دوعایەیان کرد لە خوای گەورە ئەویش وەڵامی دانەوە: ئەوا

رازی بووم كه تاوانی لەبیرچون وهەڵەتان لەسەر هەڵگرم) ، وەئەی پەروەردگارمان باری قورس وگران مەخەرە سەرشانمان كە لەتوانامانداە نەبێت، هەروەكو چۆن بەهۆی تاوانی خۆیانەوە خستبووتە سەر شانی بەنی ئیسرائیل، وە ئەی پەروەردگارمان باری وا نەخەیتە سەرشانمان كە لە تواناماندا نەبێت.

هەروەها پێغەمبەرمانﷺ دەفەرمووێت: (يسروا ولاتعسروا)[٢] .

واتە: ئاسانكار بن وشت لەسەر خەڵكی قورس مەكەن.

وە هەروەها دەفەرمووێت:

(يابني إن هذا الدين متين، فأوغل فيه برفق فيه، ولن يشاد الدين أحد إلا غلبه)[٣].

ئەوەشمان لەبیر نەچێت كە خەڵكی لەم سەردەمەدا ولە هەموو كاتێك زیاتر پێویستیان بەوەیە كە ڕەحمەت و بەزەیی و ئاسان كردن و چاوپۆشی یان لەبەرامبەردا بەكاربهێنرێت، چونكە دووری لە خوا تەشەنەی كردووە و ئیمان و یەقین لاواز بووە ودەروازەكانی هەواو ئارەزوو بڵاوبۆتەوە، ئەوەتا پێغەمبەرﷺ لەگەڵ تازە موسڵمانەكاندا بە مۆڵەت (رخصة) و ئاسانكردن مامەڵەی دەكرد، جگە لەوەش موسڵمان دەتوانێت بۆ خۆی (عزائم) هەڵبژێرێت، ئیسلام بەو شێوەیە بۆ مەسەلەی تۆندڕەوی دەڕوانێت، لەهەمان كاتیشدا ڕێگە لەبەرەڵابوون و شل گرتن دەگرێت و داوا دەكات كە بەهێز دەست بە بنچینەكانی ئایینەوە بگرن كەبنەڕەتی بەهاكانن و ڕەوشتی خاوێنن، چونكە زۆر جار وا دەبێ كار دانەوەی بەرەڵا بوون و لەسنوور دەرچوون دەبێتەوە توندڕەوی و زیادە ڕەوی، بۆیە پێویستە هەموو لایەك بەچاكی بەرنامەی ڕاستی ئیسلامەتی لەسەر میانەڕەوی ئیسلامی پەروەردە بكەین.

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.**

**www.ba8.org**

(٢) (متفق عليه، وانظر: صحيح الجامع الصغير:٨٠٨٦).

(٣) (البخاري ومسلم، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٢٢٤٦).